چەند شیعرێک لە کتێبی "**بۆ کوردوستان**"ی مامۆستا هەژار

لەهەر باغێ چومێ چڵێکم ڕنی لە خەرمانی هەرکەس گوڵێکم چنی

**مامۆستا هەژار:** ئەم شیعرانە تەرجەمەیەکن لە ئەدەبیاتی بێگانە کە بەشێکیانم لە عەرەبی و فارسیەوە وەرگرتووە و لە هێندێکیانیشا دەسکاریم کردوون و هەروەها چەند فۆلکلۆری ناو کوردەواری خۆشمانم لە پەخشانەوە کردۆتە هەڵبەست بۆ ئەوە منالآنی کورد رۆژێک لە رۆژان لە فێرگەکانا بیخوێنن و بەهرەی لێ وەرگرن.

## کەوە شەلە

سەرداری بۆکان عەزیز
دیتی کەوێک دەفرۆشن
پرسی : چۆنە ئەو کەوە؟
گوتیان : کەوێکی ڕاوە
کەوە شەلەی بەناوبانگ
هەرگیز بینی تەنگ نابێ
وتی نامە بە پەلە
چل زێریان لەسەر بژارد
خان هەڵیپساند سەری
گوتی : کێ هاوڕەگەزی
پاداشی سەربڕینە
**هۆشت بێ، کوردی هەژار**

خانی سەربەرز و بەڕیز
کڕباری زۆر لە جۆشن
وا لەدەوری هەو هەوە؟
کەوی بڕی لە ناوە
نرخی بۆکانە شەشدانگ
لە قاسپە بێ دەنگ نابێ
بۆم بکڕن کەوە شەلە
کەویان بە سەردار سپارد
رووی کردە دەور و بەری
بداتە دەست ناحەزی
نەک وا بە زێڕ کڕینە
**گەلت مەدە دەست نەیار**

## زەنگی مشکان

کۆوەبوون مشکی ماڵان　　لە نەنک و مام و خاڵان
کلک باریک و چاو زیت　　لبۆز درێژ و گوێ قیت
بیریان گەڕ و گزی بوو　　زەنگۆلێکیان دزی بوو
گوتیان بێ هەست و چرپە　　دەیخەینە کلکی گورپە
هەرکاتێ دەرچێ بۆ ڕاو　　زەنگوڵە دەیکا بە قاو
بە خۆشاردنەوە فێرین　　گورجێ خۆمان وەشێرین
لەبەر ئەو دەنگە زەنگە　　مام گورپە کاری لەنگە
ناتوانێ مشکێ بگرێ　　بۆخۆی لە برسان دەمرێ
ئیتر دەژین وەک پاشا　　لە کەندووی نیسک وماشا
هەڵمەت ئەبەین وەک شێران　　بۆ بژیوی جووتێران
هەمبانان دەدڕێنین　　کەشک و نان دەقرتێنین
ئەگەر نەما پشیلە　　مشکان تلی لی لی لە

*****

مشکێ چاویلکە لە چاو　　زۆر جیهان دیدە و گەڕاو
سمێڵی سپی و درێژ　　وریا و زۆرزان و کەم بێژ
دار گۆچانێ لە دەستا　　هەستا لە کۆ ڕ هەڵوەستا
وتی : ئەی برا و خوشکان　　پیر و ریش سپیی مشکان
مێشک و کۆن و رزیوە　　بۆ ئەو زەنگەو دزیوە؟
ئێستا کێ وا ئازایە　　خۆی باوێتە بەڵایە
بیخاتە کلکی پشیک　　ئیتر نە خرتە و نە جیک
مشکان کردیان بڵاوە　　زەنگیش لەو ناوە ماوە
کەوتە دەستی منداڵان　　گوتیان : تاڵانان هەی تاڵان
**هەرکارێ دەست پێ دەکرێ　　بیری دواڕۆژی نەبرێ**
**وەک زەنگی مشکی لێ دێ　　داخوا بەهرەی بۆ کێ بێ**

# کەر و گا

شەوێ گا وتی بە کەر :    وەرە بمکە چارەسەر
بێ وچان و سانەوەم    پەیتا لە چرووسانەوەم
هەر وەرد و شێو برینە    جەرگی زەمین درینە
سێ گاسنە و چاندنە    ئەمجا دەبمە گای بنە
خۆ لەبەر تۆزی گێرە    چاوم پرووش و کوێرە
کەر وتی : خۆ نەخۆش کە    خۆت کروشمە و پەرۆش کە
ئەگەر خێو هاتە گەوەڕ    دەمت مەبە بۆ لەوەڕ

*****

خێو دیتی گا ناسازە    نالەوەرێ و لاوازە
تێگەیی فیکی کەرە    بۆ تەنبەڵی ڕێبەرە
کەری کێشایە بەر نیر    با ماندوو بێ کەری پیر
تا ئێوارە بە تێڵا    زەوی ڕەقیان پێ کێڵا
هاتەوە شل و شەکەت    ها ئێستا ببێ سەکەت
گا پرسی : چۆنی کاکە    وتی : دڵم خەمناکە
ئەمرۆ ئاغا دەیفەرموو    ئەگەر گا هەر نەخۆش بوو
ناچارم سەری ببڕم    گاجووتێ دیکە بکڕم
گا ڕاپەڕی زۆر لەگوڕ    ماشتی قەسەڵی ئاخوڕ
پرزە و گزرە و کا گشتی    کلکی نایە سەر پشتی
چاپک لە ڕەوت و بازا    ساغ تر لە گوێزی ئازا
گایان دەردەکردە چۆڵ    ورتەی بوو کەر لەسەر مۆڵ
لەو هەڵەوەڕیەم گەڕێم    دەشنووم و دەش لەوەڕێم
گا دەیگوت لە هێڵی شێو    چەند بەنرخە وتەی خێو
**ژیان بۆ کار کردنە    تەنبەڵ بەشی مردنە**

# سواری مار

بێ هێز بووه ماری پیر      نەیتوانی بچێتە نێچیر
سۆمای چاوی نەمابوو      باوی ڕاوی نەمابوو
خشی بە وردە لۆقان      تا گەییە ئاغای بۆقان
دەستی ئاغای ڕامووسی      دایبەستە زمان لوسی
ئاغای گران و گەورە      کێ وەک تۆ سایە چەورە؟
بۆقی وەک تۆم نەدیوە      جیهان بێ تۆ هەتیوە
ئەزگۆری گەرچی مارم      هەر بێ فەڕی بوو کارم
بەڵام لەمڕۆ بەولاوە      گەزەندەییم نەماوە
ڕاوی جانەوەر ناکەم      بەدڵ بەنیازی چاکەم
داڵدەم بدە لە لای خۆت      بمخە ژێر خاک و پای خۆت
بیکە سندووقی سەرت      بم کە بە بارەبەرت
سوارم بە بۆ سەفەرێ      با گوناهم هەڵوەرێ

*****

بۆقاغا بەو هەڵدانە      هەڵماسا وەک هەمبانە
بۆقەتی لەبیر نەما      لە دڵیا گەڕا سەما
وتی : ئافەریم، زانای      جێم لەلای خۆم بۆ دانای
تۆ ماری خانەدانی      دام و دەستوور دەزانی
چیت نیازە با وابێ      ئاغاش با دڵاوا بێ
تۆ بێیتە بەر ئاوزەنگیم      ببی بە ئەسپی جەنگیم
ئەبێ هێزت تیا بێ      ئەمەش بێ بژیو نابێ
مووچەت دوو بۆقی قەڵەو      یەکت بۆ ڕۆژ و یەک شەو

*****

مار بوو بە ئەسپی ئاغا      بۆ گەشت و گەڕ لە باغا
ڕووی لەهەر شوێنێ ئەکرد      بۆق کڕنووشیان بۆ ئەبرد
بە قیڕ و هۆڕ لە پێشا      هوڕایان بۆ دەکێشا :
بۆقاغا سواری مارە      چینی بۆق باری بارە

*****

بۆ مار هەڵکەوتبوو هەل      ژینی خۆش، تێر و تەسەل
لەسەر دوو بۆقی مزی      لەولا و لەم لاش ئەیدزی
هێدی هێدی لێی خوری      تا قڕەی لە بۆق بڕی
ئەوسا وتی : ئاغای خۆم      کەست نەما تۆ ئەخۆم
جیقە و فیقەی پێ ناوێ      ژیان لە دڵ دەراوێ
بۆقاغا تا پێی زانی      مار کەوتبووە قووت دانی
لە مردنا بێ چارە      دەیقیڕاند : **مار هەر مارە!**

## دەرسی بە چەپۆک

مام گورگ و شێر و ڕێوی     ڕاویان دەکرد لە کێوی
سێ کەروێشکیان ڕاو کردن     بۆ لانەی شێریان بردن
مام شێر فەرمووی : گورگی پیر     تۆ لێمان بەشکە نێچیر
گورگ وتی : سێ لاشەن     هەریەک بۆ یەکمان باشن
شێر تووڕە بوو کەفی چاند     چەپۆکی بۆ داوەشاند
چەرمی پشت و ناوشانی     داتەکاندە سەر ڕانی
ئەمجا ڕووی کردە ڕێوی     وا باشە تۆ باخێوی
گوتی : یەک بەر قلیانت     یەک بۆ شێوی شێوانت
یەکیش بۆ سەردەمی خەو     بێ شێو سەرمەنێوە شەو
وتی : ئافەریم ڕێوی     ڕەبە و گەز باش دەپێوی
زۆر باشت بەش کردووە     لە کام فێرگەت خوێندووە؟
**گوتی : شاهم وا نەبووم     پێشوو وا زانا نەبووم**
**فێر بووم بیری ورد و دوور     لەلای مەلای کەوڵ سوور**

## ڕێوی بەفیشاڵ

سەر لە بەیان تاو هەڵات     مام ڕێوی لە کون دەرهات
لە سێبەری خۆی ڕوانی     بە درێژایی و بە پانی
خۆی ئازا هاتە بەر چاو     دەستی کرد بە چاوەڕاو
گوتی : وا بۆ ڕاو ئەڕۆم     هیچ نەبێت شێرێک ئەخۆم
گەلێ کردی ملۆمۆ     تا ڕۆژ هاتە نیوەڕۆ
سێبەر گەییە بەر سنگی     هیچی نەکەوتە چنگی
دیتی زۆری برسییە     دەیگوت : تەماح باش نییە
هەر مشکێکم دەس کەوێ     بەسمە و زگم دەسرەوێ
**خەیاڵ جێی نان ناگرێ     شێر بە ڕێوی ناخورێ**

## ملی درێژ مێژووە

گا و وشتر و بەرانێک
لە ناویان بوو بە کێشە
پێک هاتن کێ زۆر ژیاوە
بەران گوتی: من پیرم
خوا ناردی بۆ ئیبراهیم
گاجووت وتی: قاوەقاو
من زۆر چەنەی لێ نادەم
وشتر سەری دانەواند
گوتی : مێژوو نازانم
ئازان ؟ مێژوو بخوێنن

تووش بوون لە ڕێ بە نانێک
بۆ خواردن کێ لە پێشە؟
خوا ئەو نانەی بەو داوە
لەگەڵ بەرخێک هاوشیرم
وا ئەو مرد و من ئەژیم
لە دەمتایە شیری خاو
زەویم کێڵا بۆ ئادەم
بە گازێک نانی ڕفاند
ئاواتە خوازی نانم
پارووم لە دەم دەرێنن

## درۆ بە درۆ

ئاغا دەتگوت کۆڵەوەژە
دەستی ڕژد و نان نەدەر بوو
باتووی کەر و باینجانی
شاعیر شیعری بۆ دانابوو
مانگ لە جوانیت شەرمەزارە
بەژن و باڵات سەوڵی تازە
کەس لێتان وریاتر نییە
ئاغا زۆر لێی خۆش هات ئەمە
وتی: فەرموودەت دڵگیرە

خوار و ڕەش و بەگرێ و تەژە
میوان بۆ ئەو دەردی سەر بوو
لە نەزانی یەک ئەزانی
بەرەو ئاوەژووی ڕانابوو:
نانخۆرت هەزار هەژارە
چاوت چاوی سەقر و بازە
زیرەک و زاناتر نییە
کەوتە بەزم و گەپ و گەمە
دەم خۆشانەت هەزار لیرە

*****

شاعیر هەر ماو پارە نەبوو
ئاغا لیرەکان پێم ناگەن
تۆ دڵخۆشت کردم بە درۆ
درۆمان بە زۆران داوە
نرخی درۆ هەر درۆیە

هاوار نەبێ چارە نەبوو:
فەرمووی پێم سەیرە تێم ناگەن؟
منیش لەو ماڵە دام بە تۆ
دراو بێ ناوە لەو ناوە
وەرامی گڵمەت کلۆیە

## کەری کوڵ

کەرێکی بێ کلک و کوڵ     زۆر پەژارەی کەوتە دڵ
رووی نەبوو لە هیچ دەران     بچێتە ناو کۆڕی کەران
کەری دێز و کەری شین     قاقا پێی پێ دەکەنین
گرتی ڕێگای دەشت و چۆڵ     بە زەڕەزەڕ بە سمکۆڵ
هەرگیز نەدەلەوەڕا     هەر بۆ کلکێک ئەگەڕا
ڕێگای کەوتە بەر پاڵێک     کەوتبووە سەر خەیاڵێک
دەیگوت بەڵکوو لەو ناوە     شەتڵە کلک چەقاوە
دەیڕوانی و بۆنی دەکرد     هەر بیری کلکی دەبرد
خاوەن زەوی پێی زانی     دەست بە تێلای گاوانی
کەری کوتا خوری شۆڕ     لە خوێن سوور بوو ملی بۆڕ
سەر بەرەوژێر لێی خوڕی     دوو گوێی لە بندا بڕی
کەری بێچارەی زەبوون     کلک نەبوو گوێشی چوون

## گورگ و بەرخ

گورگێ خوێناوی پەل دەشواتەوە     بەرخێک لەبەر ئەو ئاو دەخواتەوە
گورگ بانگی کرد: لێم شلوێ مەکە     توورەم لەو فیزەت زۆریم لێ مەکە
وتی: گورگاغا تۆی لە سەرووی من     لێخناوی تۆیە دێتە گەرووی من
گوتی : دەردەکەی پێرار بەهارە     ئێستاش لە شاختت لەشم زامارە
وتی : من ئەمساڵ زاوم لە مەڕێک     تۆ لە بەهانەی پێم بکەی گەڕێک
گوتی : جوێن دەدەی کۆنە دوژمنم     دیارە پێت وایە من درۆزنم
تۆ تاوەنباری گۆڕت خواردنە     بەهرەت بۆ نادا ئەم خۆ بواردنە
لە چەنگی گورگا بەرخ هەڵدڕا     ئاوی چەم دەیگوت لەگەڵ خوڕخوڕا:
**کەی دەبڕێتەوە بیانوی زۆرداران     کێیە وەدەنگ بێ لەسەر هەژاران**

# قەل و بولبول

جارێک بولبولێک لەگەڵ قەلی ڕەش     لە ناو ڕکەیەک کرانە هاوبەش
بولبول دەگریا بە بانگ و هاوار     چۆن بوومە یاری هاوسای نالەبار!
بولبول لەگەڵ قەل چۆن ڕێک ئەکەوێ     من گوڵ پەرەستم ئەو لاکی دەوێ
جێی من دەبوایە لە ناو چیمەن با     بەرچاوم جوانتر چاوگە و دیمەن با
لەگەڵ بولبولان لە سایەی چڵان     بمانخوێندایە بەرەو ڕووی گوڵان
چاوبڕکێنەم با دەگەڵ گوڵی ئاڵ     کەی دەهاتە بیر ئەم ژیانی تاڵ؟
چاوم هەڵدێنم ڕووڕەش دیمەنە     چۆنی بدوێنم دەمی بۆگەنە
گەردوون کردووتم لە ژین هەراسان     دەسا بمدەیە مەرگێ بە هاسان

*****

قاڵاو لە بولبول پتر پەشێو بوو     لەبەر چاوی ئەو بولبول دزێو بوو
دەیوت خودایە گوناهم چی بوو     گۆشتی کەرکەی عیسام دزیبوو؟
کەوتوومە زیندان لەگەڵ ئەم چووکە     ئەو چەقەسرۆیە ئەو هەرزە و سووکە
لەو چەنەبازە، لەو هەڵەوەڕە     مێشک و سەر گێژە گوێم کپ و کڕە
دڵداری گوڵە کڕباری بۆنە     زامی پشتی کەر نازانێ چۆنە
چارەم ڕەش بووە وەک پەڕ و باڵم     لەو ساوە بولبول بۆتە هەواڵم
ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی منی شۆخ و شەنگ     لەگەڵ چەند قەلی هاودەنگ و هاوڕەنگ
لەناو دێبەران لە دەشت و دەران     قڕقڕمان دەکرد لە دەوری کەران
چارەم لە چارەی بولبولان نایە     زۆر پیس پێوەبووم، مەرگێک خودایە
**سەیرە لەو دنیا پان و بەرینە     هەرکەس کاری خۆی لەلا شیرینە**


www.rojhalat.de
www.bokan.de
www.mukerian.com